RMMK

# ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان

بەلاڤۆکی ژوومارە ٣٩

## ویژدانەکانی وشیار بۆ ئازادی ڕێزدار ئۆجەلان تێبکۆشن

بۆ ویدانەکانی وشیاری جیهان

دەوڵەتی تورکیە کە دەیان ساڵە بە پراکتیزە کردنی سیاسەتی ئینکاری ناسنامە و هەبوونی گەلی کورد، بنچینەیی ترین و سەرەکی ترین مافەکانی کوردانی لە تورکیە پێشێل کردووە، لە کردەوەیەکی مرۆڤ ڕفێنانەی ئاشکرا لە ساڵی ١٣٧٧، بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان، سیاسەتمەداری گەورەی کوردی دژبەری دەوڵەت و مایەی وشیاری گەلی کورد لە تورکیەی ڕفاندووە و ئێستا نزیکەی ٧ ساڵە کە ئەو لە زیندانێکی تاکەکەسی دا لە دوورگەی دوور هەڵکەوتووی ئیمراڵی لە دەریای مەرمەڕە بە دیل گرتووە. دەوڵەتی تورکیە ئێستاکەش سەرەتایی ترین مافەکانی مرۆڤی لە ڕێزدار ئۆجەلان پاراستووە و تەنانەت لانی کەمی یاساکانی ئیستانداردی هەڵس و کەوت لە گەڵ زیندانیەکان و هەروەها لانی کەمی کۆنوانسیۆنی پێشگرتن لە ئەشکەنجە و کردەوەکانی تر و سزاکانی زاڵمانە و نامرۆڤانەی لە بەرامبەر ئەو دا بەڕێوە نەبردووە.

ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان وێڕای دەربڕینی نیگەرانی زۆری خۆی سەبارەت بە کەمتەرخەمی و سەرنج نەدانی کۆڕ و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ لە بابەت ڕەوشی تەندرووستی و چارەنووسی ئەم ڕێبەر و ئەندێشمەندە کوردە، داوا لە هەموو خەڵکی کورد و هەموو کۆڕ و کۆمەڵ و ناوەندە کوردیەکان و ڕۆژهەلاتی ناوین و جیهان و تەواوی ویژدانە وشیارەکان دەکات کە بە بێ سەرنج دان بە هەر جۆرە جیاوازییەکی بیر و بۆچوون و پرسی سیاسی تایبەت، بە شێوەیەکی هاوبەش و بەربلاو بۆ ئازادی عەبدوڵلا ئۆجەلان هەوڵ بدەن. ئەم ڕێکخراوەیە هەروەها خوازیاری ئەوەیە کە یەکیەتی ئەورووپا و ولاتانی ئازادی جیهان بە شێوەی فشار هێنانێکی دیپلۆماتیک بۆ سەر تورکیە، بۆ ئازادی ڕێزدار ئۆجەلان تێبکۆشن.

تاران؛ ٢٣ ی ڕێبەندانی ١٣٨٤ / ١٢ ی فێوریەی ٢٠٠٦

ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان

تلفن دبیر: 0098-09125014785... http://www. rmmk. org
تلفن و فاکس دفتر: 0098-21-66368670... kabudvand@rmmk. org
تلفن و فاکس موقت: 0098-2166372173... info@rmmk. org
تهران: ێندوق پستی:13465/188... persian@rmmk. org